# دواکەوتنی بەشە خۆراک، هاووڵاتییان نیگەران دەکات



بەڕێوەبەری کەلوپەلی خۆراکی هەولێر:

## هاووڵاتییان دڵنیا دەکەمەوە بەم زووانە خۆراک دابەشدەکرێت



بریکارێکی خۆراک:

## هەر دەتوانم بەخەڵک بڵێم چاوەڕانین، کەی خۆراک گەیشت ئاگادارتان دەکەمەوە

مستەفا شەریف بە دەستێکی گۆپاڵ و دەستەکەی دیکەی چەند عەلاگەیەکی زەخیرەی هەڵگرتبوو بەرەو گەڕەپانی پاسەکان دەڕۆیشت و دەیگوت: دوو سێ مانگە بایەعی نەهاتووە هیچ زەخیرەیەکمان نەماوە ناچارم لەبازاڕ بیانکڕم بەهەناسەیەکی قوڵیشەوە باسی لەو بڕە پارەیە دەکرد کە حکومەتی عێراقی ساڵانە لە بودجەی دەوڵەت بۆ کڕینی بەشە خۆراکی هاووڵاتییان تەرخانی دەکات و دەیگوت (ئەگەر بەعەدالەتی خۆراک بکڕن و دابەشی بکەن هیچ کەسێک مەغدور نابێ).

بۆ سێ مانگ دەچێت ئەو بەشە خۆراکەی کە هاووڵاتییان مانگانە لە بریکارەکانی خۆراک وەریان دەگرت نەهاتووە، لە ئێستادا زۆرێک لە هاووڵاتییان بەتایبەت ئەوانەی هەژارو کەمدەرامەتن نیگەرانن، چونکە لە توانایاندانییە خۆراکی ڕۆژانەیان بەنرخێکی گران لە بازاڕ بکڕن نرخەکانیش بەرەو هەڵکشان دەچن، فەردەی شەکر جاران بە (٢٥) هەزار دینار بوو ئێستا گەیشتۆتە (٥٠) هەزار، زۆرێک لە خۆراکەکانی دیکەش بەهەمان شێوە چاوەڕوانی گرانبوونی لێوە دەکرێت، باس لە بڕینی بەشە خۆراکی ئەو کەسانەش دەکرێ کە مووچەکانیان بەرزە.

ئا: هێمن محەمەد
فۆتۆ: فازڵ فەرامۆش

**سەباح عەبدوڵڵا یەکێکە لە بریکارەکانی خۆراک لەشاری هەولێر بەنیگەرانییەکی زۆرەوە بە گۆڤاری هەرێمی کوردستان)ی گوت:** دوو مانگە بەشەخۆراک نەهاتووە بەرەو مانگی سێ دەڕۆین ڕۆژانە چەندین کەس سەردانمان دەکەن بەتەلەفۆنیش هەراسانیان کردووین وا بڕوات تەلەفۆنەکەم دادەخەم، هەردەتوانم بەخەڵک بڵێم چاوەڕوانبن کەی خۆراک گەیشت ئاگادارتان دەکەمەوە.

سیستەمی دابەشکردنی خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٧ کە بڕیاری (٩٦٨)ی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ناسراوە بەبڕیاری نەوت لەبەرامبەر خۆراک دەرچوو، دەرچوونی ئەم بڕیارە بۆ رزگاربوونی هاووڵاتییانی عێراق بوو لە برسیەتی، چونکە ئابڵۆقەی ئابووری خرابووە سەر عێراق و خەڵک لەدەردەسەری دەیان گوزەراند. دەرچوون و جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە هیوایەکی گەورەی گێڕایەوە، چەند رۆژێک خەڵک لەشارەکانی عێراق خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی، بەڵام ئێستا باس لە بڕینی بەشە خۆراکی ئەو کەسانە دەکرێ کە مووچەکەیان بەرزە چاوەڕوانیش دەکرێ ژمارەی بەشەکانی خۆراک لە (٩) مادەوە بۆ (٥) مادە کەمبکرێتەوە بۆ ساڵی (٢٠١٥)ش بەیەکجاری کۆتایی بەدابەشکردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتییان بهێنرێت.

**نەوزاد سابیر بەڕێوەبەری کەلوپەلی خۆراکی هەولێر نکۆڵی لەدواکەوتنی خۆراکی هاووڵاتییان ناکات و دەڵێت** (راستە بۆ ماوەیەک خۆراک دواکەوتووە، بەڵام هاووڵاتیان دڵنیادەکەمەوە لە کۆگاکان خۆراکمان هەیەو بەشێکی زۆریش بەرێگاوەیە لەئایندەیەکی نزیکیشدا خۆراک بەسەر بریکارەکان دابەشدەکەین، سەبارەت بەدواکەوتنی بەشەخۆراکی هاووڵاتییان گوتی: رەنگە پەیوەندی هەبێ بەبودجەی وەزارەتی دارایی و قەیرانی ئابووری جیهانی و ناسەقامگیری نرخەکان.

**بەڕێوەبەری کەلوپەلی خۆراک دەربارەی کەمکردنەوەی بەشە خۆراکەکان گوتی:** باس لەوە دەکرێ لەساڵی تازە مادەکانی خۆراک بۆ (٥) مادە (شەکر، ئارد، رۆن، برنج، شیری منداڵان) کەمبکرێتەوە ئەوانەی مووچەکانیش دەگاتە یەک ملیۆن و نیو بەشە خۆراکەکانیان رابگیرێت.

**سەبارەت بەو هەواڵانەی باس لەوە دەکەن کە وەزارەتی دارایی عێراقی رێگە بە پارێزگاکان دەدات کە خۆیان خۆراک بکڕن و دابەشی بکەن، نەوزاد عەبدوڵڵا گوتی:** باس لەوە دەکرێ گوایە لەمەودوا وەزارەتی دارایی دەسەڵاتی کڕینی خۆراک بەپارێزگاکان بدات بەپێی ژمارەی دانیشتوانی بودجە تەرخان بکات هەر پارێزگایەک خۆراک بۆ هاووڵاتیان بکرێت و دابەشی بکات و گوتیشی دەرچوون و جێبەجێکردنی بڕیارێکی بەو شێوەیە ١٠٠٪ لەبەرژەوەندی خەڵک دایە و هیوادارم بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**لەلایەن خۆیەوە دارا محەمەد دزەیی بەڕێوەبەری رێکخستنی پسوولەی خۆراکی هەولێر** نەیشاردەوە کە باس لە بڕینی خۆراکی ئەو هاووڵاتییانە دەکرێ کەمووچەکەیان بەرزە لە شاری بەغدا جێبەجێکراوە سەبارەت هەرێمی کوردستانیش ناوبراو گوتی: هیچ نووسراو رێنماییەکمان بۆ نەهاتووە بۆیە لە ئێستاوە هیچ لێدوانێک پێشوەختە نادەم.



کەلوپەلی خۆراک

# کەی قەڵای هەولێر نۆژەن دەکرێتەوە؟



کاتژمێر (٦)ئێوارەی رۆژی دووشەممە ٢٥ی کانوونی دووەم، لەدیوانی پارێزگای هەولێردا بەڕێز (نەوزاد هادی) پارێزگاری هەولێر لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بەئامادەبوونی (محەمەد جەلید) بەڕێوەبەری گشتی رێکخراوی یۆنیسکۆ وموراد جزمید سەرۆکی پرۆژەکە و مەی شاعیر راوێژکاری رێکخراوەکە سامی قۆجە بەڕێوەبەری رێکخراوی یۆنیسکۆ و چەندین کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانییەکان و رۆژنامەو گۆڤارەکان، **پارێزگاری هەولێر سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکانی کرد و گوتی:** سەبارەت بەقەڵاتی هەولێر ئەمڕۆ ئێمە گەیشتوونەتە رێککەوتنێک وەک سەرەتا بۆ چاککردنەوەی، بەتایبەتی ئەو خانووە کۆنانەی کە پێویستە نۆژەن بکرێتەوە دوای ئەوەی توانیمان سەردانی عەممان بکەین بەمەبەستی بەستنی گرێبەستێک لەگەڵ ئەم رێکخراوە بۆ چاککردنەوە و رێکخستنەوەی شوێنەوارەکانی ناو قەڵات .بودجەیەکمان داناوە بۆ نۆژنکردنەوەی قەڵاکە، چونکە ئێستا قەڵای هەولێر لە لیستی کەلەپووری جیهانی دانداروە و کاری لەسەر دەکرێ، بەڵام ئەم کارە پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە هەرچەندە پارساڵ لەسەر ئەوە رێککەوتین بەچۆنییەتی نۆژەنکردنەوەی قەڵات و دەورووبەری جگە لەمەش لە بەرنامەماندایە بازاڕی قەیسەری نۆژەن بکەینەوە، سەرەتا وەک دیزاین بەرنامەمان داناوە و پێویستە جارێکی دیکە سەردانی عەممان بکەینەوە بەمەبەستی چۆنییەتی دەستپێکردنی بەنۆژەنکردنەوەی قەیسەری ناو بازاڕ، هەروەها ئێستا نزیکەی (١٠) خانوو لەناو قەڵاتدا زۆر جێگای مەترسین، پێویستە سەرەتا ئەم خانووانە بەشێوەیەکی زانستییانە چاک بکرێتەوە، بۆیە تا مانگی (٤ و ٥) ئێمە لەجێبەجێکردنی پرۆژەکەین، دواجاریش پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بە ماستەرپلانی قەڵاتدا وگوتی: لەسەدا (٨٥)ی تەواو بووە کە خۆی کراوەتە دوو بەش، بەشی یەکەم لەتەواوبووندایە و بەڵام بەشی دووەم و قۆناغی ئێستا لەکاتێکی فریاکەوتن دایە، پێویستە بەزووترین کات ئەو خانووانەی کە زۆر بێکەڵک بوونەو مەترسی رووخانی هەیە زوو چابکرێتەوە، پاشان بەڕێز (محەمەد جەلید) سوپاسی دەزگا راگەیاندنەکانی کرد و گوتی : بەڵێ ئێمە وەک رێکخراوی یۆنیسکۆ هاتووین بەهاوکاری و سەرپەرشتی پارێزگاری هەولێر بۆ نۆژەنکرنەوە و چاککردنەوەی قەڵاتی هەولێر، چونکە ئەم قەڵاتە دەتوانم بڵێم تەمەنێکی دوروودرێژی هەیە هەر بۆیەش بە شوێنێکی کۆن و شوێنەوار ناسراوە. خۆشتان دەزانن قەڵات پێویستی بەکات هەیە بۆ چاککردنەوەی، بەڵام ئێمە ئێستا لە قۆناغی یەکەمی جێبەجێکردنی پرۆژەکەداین کەچی هاتووین نەک بۆ نۆژەنکردن، بەڵکو هاتووین بۆ چاککردنەوەی قەڵات، چونکە ئەم قەڵاتە هەر لە کۆنەوە تائێستا نەتواندراوە وەک پێویست پاریزگاری لەشوێنەوارەکان بکەن ئەوەیش بەهۆی ئەوەی خەڵکانێک لەناویدا ژیاون.

**راپۆرت و وێنە:**
**سەرهەنگ نەجمەدین**



## هەق و ڕەق

# بەرپرسە باڵاکانی حکومەت پێویستە خۆیان لە هاووڵاتییان دوورەپەرێز نەگرن



عەزیز هەریری

بێگومـان هاووڵاتیـیـان و هەر یەکـێکیش لەئێمەمانان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو گرفت و خواست و داواکاریی ڕۆژانەمـان ئەگـەر بۆمـان بلوێت حـەز بەوە دەکـەین لەنزیکەوە کەسانی بەرپرسی باڵای داوودەزگاکانی حکومەت و لایەنە دەستڕۆیشتووەکان ببینین، یا هەر هیچ نەبێت ئەگەر ئەمەیان دەستەبەر نەبێت و مەحاڵ بێت ئەوا بێشک ئارەزووی ئەوە دەکـەین بەلانی کەم ڕێگەی ئەوەمـان هەبێت و بکارێین تەنانەت دوور بەدووریشەوە بێت پەیوەندییان پێوە بکەین تاوەکـو بەکـەمـترین کـات و بەنزیکـترین ڕێگە ئەوەی لەنێو دڵ و دەروغماندا هەیە بەو بەڕێزانەی ڕاگەیەنین: چونکە ئەوەی بەبیری مندا دێت و تا ئێـسـتـا و هەسـتم پێی کـردبێت مـەگـەر زۆر بەدەگمـەن، ئەگینا کەم کەس هەبووە لەم وڵاتەی خۆماندا بەکوردستانی ئێستایشەوە توانیبێتی بۆ کێشەیەک یا گرفتێک یان کارێکی زۆر زەروورو تایبـەتیی خـۆی ئەو کـات و دەرفـەتەی بۆ ڕەخسـابێت و خـەونی ئەوەی هاتبێـتـە دی کـە بەئاسانی و لەنزیکەوە ئەگەر بۆ چەند خولەکێکی کـەمیش بێت چاوی بەسـەرۆکی حکومـەتەکـەی کەوتبێت، یان وەکو پێویست هەر بەرپرسێکی دیکەی باڵای حکومەتەکەی بینیبێت، دیارە باس لەو بەڕێزانە ناکەم کە لەوەتەی هەن بەخت و زۆر شتی دیکە یاوەریانەو بەبەردەوامی میـوانی ئەو تەلارو کۆشک و باڵاخانە و دەربارانە دەبن، کە بەرپرسانی حکومەت تیایدا دانیشتوون و سووک و ئاسان پێشوازییان لێدەکرێت، تەنانەت ڕەنگە هەندێ لەو بەڕێزانە نەکێشەیەکی ئاڵۆزی ئەوتۆو نەگرفتێکی سـەختیشیـان هەبێت: بەڵکو تەنیا بۆ خـۆدەرخسـتن و کـات بەسـەربردن ڕوو لەو شـوێنانە دەکـەن و لەهەمـان کـاتیـشـدا دەبنە بەربەست لەبەردەم بەئەنجام گـەیاندنی کـاری ڕۆژانەی خەڵک و هاووڵاتییانیش.

من بەبۆچوونی خـۆم پێـمـوایە زۆرێکیش لەو بەرپرسە باڵا بەڕێزانە، هەر لەناخی خۆیانەوە حەز بەوە دەکەن خۆیان لەبەشی هەرە زۆری خەڵک و هاووڵاتیـیـان دوورەپەرێز بگرن، نەوەکـا لەکـاتی بینین و سەردانی کردنیاندا باسی سەختیی ژیان و گـوزەرانی خـۆیانیـان بۆ بگێـڕنەوەو داوای چارەسـەرکـردنیـان لێبکـەن، لەکـاتێـدا کـە ئەو بەڕێزانە ئەگـــەر بەباشی بیــــربکـەنەوەو لەدەرەنجامەکـان وردبینەوە، ئەوا بەو ڕاستییە دەگـەن کـە بەسـەرکـردنەوەی تەواوی چین و توێژەکـانی کـۆمـەڵگەو، سـەردان و بینینی کـارمـەندانی نێـو داوودەزگـاکـانی حکومـەت لەهەمـوو ناوچەو دەڤـەرەکـاندا بۆ ئەوان دەبێـتـە پتـەوترین بنەمـا بۆ پلانڕێژکـردنی کـاری ڕۆژانەی داوودەزگاکانیان و، لەم ڕێگەیەشەوە گەورەترین سەرکـەوتن بۆ خـۆیان و ئەو دەسـەڵاتەی بەڕێوەی دەبەن دەستەبەر دەکەن.

زۆرم بەلاوە سـەیرە کـاتێک کـە هاووڵاتیـیـەک دەیەوێت بەرپرسێکی باڵا لەهەر داوودەزگـایەکی حکومـەتدا ببـینێت، ئەوا گـورج سکرتێـرو دەسـتـوپێـوەندەکـانی ئەو بەرپرسـە بەڕێزە لێی ڕادەپەڕن و دەیان بەڵگەو بیـانوو بۆ بێکاتی و سەرقاڵیی بەرپرسەکەیانی بۆ دەهێننەوە، کە دەبنە مـایەی ئەوەی ئەو هاووڵاتیـیـە بەدڵشکاوی خواست و ویستەکانی خۆی بداتە دەستی قەدەرو ئیتر ببڕای ببڕ ڕوو لەو وەزارەتە یان ئەو دەزگایە نەکاتەوە کە دەستیـان بە ڕوویەوە ناوەو، بواری ئەوەیان نەداوە گـرێکوێرەکـانی دڵی خـۆی بۆ بەرپرسـەکـەیان بکاتەوە، وەک ئەوەی بینینی وەزیرێک یا بەرپرسـێکی باڵا بڤـەبێت و هاووڵاتییەکی ئاسایی بۆی نەبێت لەنزیکەوە ئەو بەڕێزانە ببینێت.

لەوەیش سـەیرتر ئەوەیە، ئەگـەر بتـەوێ داوای ژمـارەی تەلەفـۆن یا مـۆبایل یان ئیـمـێلی هەر بەرپرسێک بکەیت، دڵنیام مەگەر ژمارەیەکی زۆر کەمیان هەبێت، ئەگینا بەشی هەرە زۆریان وایان ڕاسـپـاردە کـردووە، کـە وەڵامی ئەو جـۆرە داواکاریانە نەدەنەوە بەڵکو هەموو وەڵامەکـان بە ( ببوورە ژمارەکە نازانین) کۆتایی دێت.

هەڵبـەتە بەندە دیارە بەخت یاوەرم نەبووەو بۆم نەکـراوە وڵاتانی دەرەوە ببـینم بەڵام زۆر لەو برادەرو ناسـیـاوانەی لەهەندەران بەسـەردان گـەڕاونەتەوە کـوردسـتـان زۆرجـاری وا هەبووە پرسـیـاری ئەوەم لێکردوون، کـە خـەڵک و هاووڵاتیـیـانی ئەو وڵاتانەی ئەوانی لێن تاچەند دەتوان و بۆیان هەیە بەرپرسـە باڵاکـانی حکومەتەکانی خۆیان ببین، ئەوان لەوەڵامدا وایان بۆ گێڕاومەتەوە، کە هەموو ئاسانکارییەک هەیە بۆ ئەوەی ئەو داخـوازییـەی هاووڵاتیـیـان لەنزیکترین دەرفەتدا بەئەنجام بگات.

ئەوەی لەم بابەتەمدا زێتر مەبەستمە ئامـاژەی پێبدەم ئەوەیە، کـە مـاوەیەک بەری ئێـسـتـا بە ڕێکەوت پەیوەندیم بەپێگەکـەی ئینتەرنێتی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراقی فیدراڵەوە کردو، ئیـمـێلەکـەی خـۆمم بۆ ناردن بەمـەبەسـتی ئاگـاداربوون لەهەر هەواڵ و پێـشـهـاتێکی ڕۆژانەدا، ئەوەبوو خۆشبەختانە بۆ ڕۆژی دووەم ژمـارەیەکی یەکـجـار زۆر لەو هەواڵانەی سەرۆکایەتیی کۆماریان بۆ ئیمێلەکەم ناردبوو کەچی یەک دوو مانگ بەری ئەمڕۆ زۆرم هەوڵدا لە ڕێگەی پێگەکەی وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەندێک بڕیارو ڕێنمـایی تازە دەرچوو وەربگرم، کـە پێـویستم پێـیـان هەبوو: بەڵام بەداخـەوە بۆ کـردنەوەی پێگەی ئەو وەزارەتە داوای ( پاسـوێردەکـە ) دەکـرا، لەو کـاتەی کـە پێگەی سـەرۆکـایەتیی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و پەرلەمانی کـوردسـتـان و، سەرۆکـایەتیی کۆمـارو وەزیران و پەرلەمـانی عێراق و هەر هەموو وەزارەتەکـانیان هەمیشە بۆ هاووڵاتییان کراوەن.

لەکـۆتاییـدا پیـرۆزبایی لەبەڕێز (دکـتـۆر بەرهەم ئەحـمـەد سـالح سـەرۆک وەزیرانی حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان ) دەکـەم و، سـوپاسی بەڕێزیشـیـان دەکـەم، کـە لە ڕێگەی پێگە تایبەتییەکەی خۆیەوە کەناڵێکی پەیوەندیکردنی لەگەڵ هاووڵاتیاندا کردۆتەوە تاوەکو لەنزیکەوە لەخواست و داواکاریی هاووڵاتییان ئاگاداربێت، بۆ نموونەیش خودی خۆم شەوی ( ٢٦ / ١٢ / ٢٠٠٩ ) ئیمێلێکم بۆ بەڕێزیان نارد بۆ بینینی، ئەوەبوو بۆ ڕۆژی دواتر لە ڕێگەی نووسـینگەی تایبـەتیی بەڕێزیانەوە بەئیـمێلێکی تایبەت بەم شێوەیە وەڵامم دراوەتەوە، (باشترە ئەگەر بکرێت بەنووسین ئەو بابەتانەی دەتەوێت لەگەڵ جەنابی دکـتـۆر بەرهەم باسی بکەیت بینێری بۆ ئەوەی بیـخـەینە بەردەستی) ،بەهەقیـقـەت ئەمجـۆرە هەڵسـوکەوتکردنە لەگـەڵ خواست و داواکـاریی هاووڵاتیـیـان کـارێکی پێـشکەوتوو و سـەردەمیـانەیە، خـۆزگـە بەرپرسـانی دیکەیش پێوەی پابەند دەبوون و ئەنجامیاندەدا، بۆ ئەوەی ئەگەر هاووڵاتیان بۆیشیـان نەلوێت بەرپرسانی خـۆیان ببـینن، با هەر هیچ نەبێت کـەناڵێکی پەیوەندی بۆ خستنەڕووی داواکارییـەکـانیان لەبەردەم ئەوان و بەرپرساندا هەمیـشـە ئاوەڵاو کراوە بێت.

## قایمقامی سۆران بۆ کوردستانی نوێ :

# بە ٧٠ ملیار دینار ژێرخانی خزمەتگوزاری لەسنوری سۆران کۆتایی پێدێت



**سۆران یەکێکە لە شارۆچکە بەرفراوانەکانی سەر بەپارێزگای هەولێر، رۆژانە ژمارەی خانووبەرەو دانیشتوانی رووهەڵکشانە، رووبەری سنووری ئەم شارۆچکەیە (٢٢)هەزار کم چوارگۆشەیەو ژمارەی دانیشتوانیشی (١٧٠) هەزارە، وێڕایی ئەمانەش تایبەتمەندییە جوگرافیەکانی ئەو شوێنە و نزیکی لە ناوچە سنوورییەکان و جولەیەکی بازرگانی بەهێزی لێ بەدی دەکرێت، هەموو ئەوانەش وایان کردووە بیرۆکەی بە پارێزگابوونی ئەو ناوچانە جێگەی باس و خواسی هاووڵاتیان و لایەنە حکومیە پەیوەندیدارەکان بێت، لەمبارەیەوەش (کرمانج عزەت) قایمقامی سۆران دەڵێت " بەدووری نازانم لە قۆناغی یەکەم ئەو بابەتە لە رێگەی ئیدارەیەکی محەلی بۆسۆران کاری لەسەر بکرێت".**

**نزار گزالی– سۆران**

### ساڵی(٢٠٠٩) ساڵی بوژانەوەو خزمەتگوزاری بووە لە سۆران

قایمقامی سۆران ئەوە روونده‌کاتەوە کە لە ساڵی رابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیەکی زۆری بەو دەڤەرە داوەو سۆران پشکی شێری لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی تایبەت بە پارێزگای هەولێر و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەرکەوتووە و دەڵێت "ساڵی(٢٠٠٩) ساڵی بوژانەوەو خزمەتگوزاری ببو لەسۆران، بەشێوەیەک بڕی زیاتر(٨٢)ملیار دینار لەتێکڕای پرۆژەکان خەرجکراوە"

ئەورروونیشی دەکاتەوە کە بواری تەندروستی لەپلەی یەکەمی خزمەتگوزاریەکان دێت و دەڵێت "زۆرترین پارە بۆ بواری تەندروستی تەرخانکراوە و(٣٣) ملیارد دینار و (١١٤) ملیۆن دیناری لەپرۆژەکانی تایبەت بەو بوارە سەرف کراوە، بەدوای ئەویش کەرتی پەروەردەیی دێت و زیاتر لە(٢٢) ملیار دیناری تیا سەرف کراوە".

هەریەک لە بوارەکانی پۆلیس و ئاسیش بەبڕی (٦)ملیار و(٦٤٩)ملیۆن دینار و بواری کارەبا و (٦)ملیار و(٤٨٦)ملیۆن دینار و شارەوانی بە (٥) ملیار و(٦٦٥) ملیۆن دینار و بواری رۆشنبیری بە ٤ملیار و(٤٧٢)ملیۆر دینار دێن.

هەریەک لە بواری چاودێری کۆمەڵایەتی و ئاو ئەوقاف و کشتوکاڵیش لە کۆتایی ریزبەندی پرۆژەکان دێن و ئەو لایەنانە کەمتر پارەیان بۆ تەرخان کراوە".

### ٧٠ ملیار دینار ژێرخانی خزمەتگوزارییەکانی سۆران چارەسەر دەکات

قایمقامی سۆران هێما بۆئەوەش دەکات کە تائێستا بودجەی پەرەپێدانی پاریزگای هەولێر دیار نەکراوەو دەڵێت "هەموو جارێک کە بودجەی پەرەپێدانی پاریزگا دێت، بەدیوانی پارێزگا کۆبوونەوەیەک لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکەین و لەوێوە بۆمان یەکلایی دەبێتەوە کە چیمان بۆ دەکرێت، وێڕای ئەمەش ئێستا کۆمەڵێک پرۆژەی



سەرەتایی دەردەچن، بەڵام ئەمانە چارەگی ئەو پرۆژانە نین کە ئێمە لە پلانی خۆمان داناوە".
گوتیشی "من باوەڕم وایە ئەگەر بۆ ئەمساڵ (٧٠ )ملیار دینارمان بۆدابین بکرێت، ژێرخانی خزمەتگوزاری لەسنوری سۆران بەناحیەکانیشیوە کۆتایی پێدێت"
ئەو زیاتر روونی دەکاتەوەو دەڵێت "مەبەستم لە ژێر خانی خزمەتگوزاری تەرکیز کردنە سەر بنکەی تەندروستی و کارەبا و ئاوو رێگەو بانە"

**کەمی باڵەخانەی قوتابخانە**

نەبوونی قوتابخانەو زیاد بوونی رێژەی قوتابیان، گرفتێکی هەرە سەرەکی سۆرانە، لەمبارەیەوە قایمقامی سۆران دەڵێت "بەڕاستی ئەمە گرفتە، چونکە ئێمە لەکاتی ئێستادا لە زۆرینەی قوتابخانەکاندا (٣) شێفت دەوام هەیە، بەڵام ئێستا (٥) قوتابخانە لە تەواو بوون داناو یەکێک کارەکانی بەکۆتایی هاتووە، چواری دیکەش کاریان تیا بەردەوامە، ئیدی بەتەواو بوونی ئەو قوتابخانە کێشەکە تارادەیەک سوکتر دەبێت".
(کرمانج عزەت) باس لەوەش دەکات کە پلانی (٢٠١٠ )ی قەزای سۆران دروست کردنی چەند باڵەخانەیەکی قوتابخانەو باخچەی ساوایان لە خۆدەگرێت و دەڵێت "باڵەخانەی قوتابخانەو باخچەی ساوایان پێویستە و ئەو پێداویستسانەمان خستۆتە چوار چێوای بەرنامەی کاری خۆمان لە (٢٠١٠) دا، بەڵام چەندمان بۆ دەکرێت، ئەوە لەسەر رەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەوەستێت"

**پلانی سەرەکی ٢٠١٠ ی قایمقامیەتی سۆران**

(کرمانج عزەت) تیشک دەخاتە سەر ئەو لایەنانەی کە لە ئەولەویەتی کار و پلانی قایمقامیەتی سۆران دان و دەڵێت "چاککردنی هەموو ئەو گەرەکانەی کە تائێستا لەسۆران ماونەتەوە. بۆئەم مەبەستەش ئێستا لیژنەکان سەرقاڵی ئامادەکرنی دەرخستەکانن، رێگەی دەشتی هێرت و رێگەی حەسەن بەگ، دروست کردنی چەن قوتابخانە و باخچەی ساوایان، نۆژەنکردنەوەی کارەبا لە سەنتەری سۆران و هەندێک شوێنی دیکە، هەروەها گرنگی دان بەرێگە سەرەکیەکان"

**دەنگۆی بەپارێزگا بوونی سۆران**

دەمێکە لەنێو خەڵکی زۆرجاریش بەرپرسانی حکومەت لێرەو لەوێ باس لە بە پاریزگا بوونی سۆران دەکرێت، لەمبارەیەوە قایمقامی سۆران دەڵێت "بە پاریزگا بوونی سۆران، مەسەلەیەکی سیاسی و دەبێت لەگەڵ بەغدا یەکلایی بکرێتەوە، هەروەها مقەوەماتی بەپاریزگا بوون لەسۆراندا هەیە، رەنگە لەسەرووی خۆمانیش هاوکاری و تێگەیشتنێک هەبێت لەگەڵ داواکاری خەڵکی سۆران، بەڵام بەدووری نازانم لە قۆناغی یەکەم ئەو بابەتە لە رێگەی ئیدارەیەکی محەلی، واتە ئیدارەیەکی گەورەتر لە قەزا بۆسۆران کاری لەسەر بکرێت".



پارێزەر زوبێر حاجی سەعدی

# نیشتەجێبوون

هەروەک ئاشکرایە ئەمڕۆ گەورەترین گرفتی مرۆڤایەتی گرفتی نیشتەجێبوونە، چونکە ساڵانێکە خەڵکان بەدەستییەوە دەناڵێنن و زۆر تاڵاویان لە بارەوە چەشتووە، هەربۆیە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی دیکەش بەجیدی کار بۆ ئەوە دەکەن کە تا ئەندازەیەکی زۆر ئەو گرفتە چارەسەر بکەن یان هەر هیچ نەبێ کەمێک بارەکە لەسەر هاووڵاتنی هەژار و نەدار سووک بکەن، هەر لێرەوەش دەبێ رۆڵی سندوقی نیشتەجێبوونیش بەبەرزییەوە بنرخێنین کە زۆر بە جیدییەوە بۆ ئەوە گرفتە هاتۆتە پێشەوە، بەڵام ئەوەی کە زۆر بەرچاو بوو، هاوکات مژدەیەکی خۆشیش بوو لەو شەوانەی رابردوو وەزیری ئاوەدانکردنەوەو ئەشغال لە میدیاکانی خۆماندا ئەوەی راگەیاند، کە (١٢٠) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتییان دروستدەکرێت، دیارە ئەوەش دەتوانی گرفتێکی یەکجار زۆر چارەسەربکات و نرخی کرێی خانووش بە ئەندازەیەکی زۆر داببەزێنێ، بۆیە ئافەرین و دەستخۆشانە لە هەموو ئەوانە دەکەین کە کاری جیدی و دڵسۆزانە بۆ ئەو گرفتە دەکەن کە خەم و پەژارەی زۆرێک لە توێژەکانی کۆمەڵە، دیارە سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە دەبێتە هۆی ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیریش لە زیادبووندا بن.





# هەڵەبجەییەکان بەختەوەربوون
# بە لەداردانی عەلی کیمیاوی و دەشخوازن مەسەلەی
# هەڵەبجەی شەهید بکرێتە بڕیاری جینۆسایدو قڕکردن

ئەمەی سەرەوە گوتەی یەکێک بوو لە کەسوکاری قوربانییانی هەڵەبجەی شەهید کە دوای لە سێدارەدانی عەلی کیمیایی، بە چاوی پڕ لە فرمێسکی خۆشییەوە بۆ گۆڤارەکەمان دەیکرد، بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێک لەسەر لە داردانی عەلی کیمیاوی دەرهەق بە بۆردومانکردنی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی سەردانی هەڵەبجەمان کردو لە نزیکەوە ئەم راپۆرتەمان ئامادە کرد.

نێردراومان بۆ هەڵەبجەی شەهید: هونەر کەمال

*** خدر کەریم سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید:**

زۆر خۆشحاڵین بەوەی کەوا ئەمڕۆ دەبینین دانیشتوانی هەڵەبجە خۆشحاڵن بە سزا گەیاندنی تاوانبارانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە.. ئەو قەڵەمەی کە ئیمزای لە سێدارەدانی عەلی کیمیایی پێکرا کە من خۆم لە بەغدا چوومە لای دادوەرو داوام لێکرد کە ئەو قەڵەمە ببەخشێت بە یادگاری هەڵەبجە، کە ئەویش بە خۆشحاڵییی و بە سوپاسەوە قەڵەمەکەی پێشکەشی خەڵکی هەڵەبجە کرد، منیش پێشکەشی بەڕێوەبەریتی یادگاری هەڵەبجەی دەکەم، ئەمڕۆ بەختەوەرین کە لە عێراقی نوێ و دیموکراتیدا دەژین کە کورد بە مافەکانی خۆی گەیشتووەو تاوانباران و دوژمنانی بە سزای ڕەوای خۆیان گەیشتن و دڵنیاشم کە پاشەڕۆژی کورد لە عێراقدا زۆر گەش و ڕووناکتر دەبێت و داواکاریشم کە قەرەبووی مادی هەڵەبجەش بکرێتەوە، پەیوەندیم پێوە کرا کەوا دۆسیەکە لە دادگا چاوی پێدا خشێنراوەتەوەو هیچی لە جینۆساید کەمتر نییەو لە دادگای تەمیزدا بڕیاری جینۆسایدی لەسەر دەدرێت و ئەمەش دەسکەوتێکی زۆر گەورەو بە نرخ دەبێت بۆ هەڵەبجە بەتایبەتی بۆ کوردستان و کورد بەگشتی و زۆر سوپاسی پارێزەران و هەموو ئەوانەش دەکەم کە زۆر ماندووبوون بە دۆسیەی هەڵەبجەوەو پیرۆزبایش لە هەموو کوردستان دەکەم.

*** شاهۆ عوسمان قائیمقامی هەڵەبجەی شەهید بەوەکالەت:**

پیرۆزبایی لە تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەم بە بۆنەی لەسێدارەدانی عەلی کیمیاوی و بە سزاگەیاندنی تاوانبارانی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەو بەتایبەتیش پیرۆزبایی لە خەڵکی هەڵەبجەی خۆشەویست دەکەم، ئەمە هەنگاوێکی مەزنە بۆ خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، ئەوەی ئێمە زیاتر داواکاری لەسەر دەکەین ئەوەیە کە دۆسیەکە وەکو دۆسیەیەکی مرۆڤایەتی حسابی بۆ کراوە، بۆیە ئێمە لە ڕێگای پارێزەرەکانمانەوە تەمیزی دەکەینەوە تاوەکو وەکو جینۆساید بناسێنرێت و سزای هەرسێ تاوانبارەکەی دیکەش قورستر بکرێت.

*** حوسێن حەمە سەعید حەمە عەلی گوتی:**

خۆشحاڵی خۆمان دەردەبڕین و هیواداریـن هەموو تاوانباران لە جیهاندا ئەوانەی کە دەستیان لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا هەیە، بەهەمانشێوە بە سزای ڕەوای خۆیان بگەن و ببن بە پەندی زەمانەو ببن بە عیبرەت و داواکارم کە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زیاتر هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە بدات و پرۆژەی جۆراو جۆر لە هەموو بوارەکاندا جێبەجێ بکات و تاوەکو زیاتر ئاوەدانی هەبێت.

دوابەدوای دەرچوونی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق دەرهەق بە تاوانبارانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی و لەسێدارەدانی عەلی کیمیاوی، لەسەر حکومەتی عێراقی پێویستە کە قەرەبووی مادی هەڵەبجەییەکان بکاتەوە، لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پێویستە کە داوای یاسایی لەسەر هەموو ئەو تاوانبارانەی دیکەش تۆمار بکات کە کەم و زۆر دەستیان لەو تاوانەدا هەبووە، هیوادارم کە هەڵەبجە زیاتر ئاوەدان بکرێتەوە لە هەموو بوارەکاندا.

بەڵێ مایەی خۆشحاڵیمانە کە دەبینین تاوانباران سزای خۆیانیان وەرگرت، بەڵام هێشتا زامەکانمان سارێژ نەبوون، ئەوکاتە زامەکانمان سارێژ دەبێت کە لە پاڵ ئەم چوار تاوانبارەدا هەموو ئەو تاوانبارانەی دیکەش سزا بدرێن کە بە هەر هۆیەکەوە بێت بەشداری ئەو تاوانە بوون و هۆکارەکانی ئەو تاوانەی کە دژ بە هەڵەبجە کرا سزا بدرێن و قەرەبووی مادی بکرێینەوەو هەڵمەتێکی زۆر بەرفراوانتر ئاوەدانی لە هەڵەبجەو دەوروبەری دەستپێبکات، چونکە زۆر جێگای دیکەش وەکو هەڵەبجە وێران و خاپوور کراوە.

ئەوەندەی کە بەوە دڵخۆشم تاوانبارانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی شەهید سزا دراون، هەزار ئەوەندە دڵخۆشم کە ئەمڕۆ ڕۆژێک هاتۆتە پێشەوە، لەو بەغدایەی کە بڕیاری وێرانکردنی کوردستان و لەناوبردنی کوردی لێدەدرا ئەمڕۆ هەر لەو بەغدایە حوکمی لەناوبردنی دوژمنانی کوردو کوردستانی لێ دەدرێت و دڵنیام پاشەڕۆژی کورد لە عێراق و عێراق بەگشتی زۆر ڕووناکە.



خدر کەریم



شاهۆ عوسمان

## سەلامەتی بۆ عەقید فەرهاد



لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو عەقیدی پۆلیسی خانەنشین(فەرهاد کەریم سەلیم) بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە کەوتە نەخۆشخانە، بۆیە ئێمە وەک ستافی گۆڤاری هەرێمی کوردستان هیوای چاکبوونەوەی بە پەلەی بۆ دەخوازین و دڵمان لەلایەتی عەقیدی خانەنشین(فەرهاد کەریم سەلیم) لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٩ بەڕێوەبەری پۆلیسی پێشووی شاری هەولێرو ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێربوو، لە ماوەی کاری وەزیفی خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش بە شارەکەی کردووە.